کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19:06 19-6-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕاگەیاندنی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان

سەبارەت بە ئازار و ئەشکەنجە دانی 3 میرد منال لە لایەن ئاسایشەکانی پارکی ئازادیەوە!



بە پیی هەوالیك كە لە سایتی هاولاتیدا بلاو كراوەتەوە، شەوی 16 لە سەر 17-6-2007 و لە ناو پاركی ئازادی، دوای ئەوەی هەر 3 میرد منال { هەلۆ، رەنج و هیڤی، كە تەمەنیان لە خوار 18 سالەوەیە }، كیشە لە نیوانیاندا دروست ئەبیت، لەلایەن ئاسایشەكانی ناو پاركەوە ئەگیرین و لە تەوالیت و حەمامی پارك بۆ ماوەی سەعات و نیویك بی بەزەییانە و بە شیوەیەكی نام رۆقانە، ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر ئەدرین وئیهانەو سوكایەتیان پی ئەكریت، سەرەرای ئەمەش هیڤی ماوەی 2 هەفتە پیشتر عەمەلیاتی بۆ كراوە وبە ئاسایشەكانیش ئەلیت كە عملیاتم، بەلام سەرەرای ئەمە هەر ئەشكەنجە ئەدریت و بە پیی وینەكانی سایتی هاولاتی گیانیان شین و مۆر بووەتەوە.

جیگای دلخۆشیە كە رۆژی دواتر كاتیك میردمنالەكان ئەچنە ئاسایش و لای بەریوەبەری ئاسایشی سلیمانی شكات ئەكەن لە ئاسایشەكان، بەریوەبەری ئاسایشی سلیمانی ئیجرائات بەرامبەر بە ئاسایشەكان وەرئەگریت.

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان ویرای ئەوەی كە توورەیی و بیزاری زۆری خۆمان لە بەرامبەر بەم رەفتار و ئازار و ئەشكەنجە دانەی ئاسایش دەردەبرین، لە هەمان كاتدا دەمانەویت لیرەوە جاریكی تر ئەوە دووپات بكەینەوە كە ئەم شیواز و رەفتارەی ئاسایش كە لە بەرامبەر بە منالان و خەلكدا بەكاری ئەهینیت زۆر نامرۆڤانەیەو ئەمە نەك هەر ریگاچارە نیە بۆ چارەسەری هیچ كیشەیەك، بەلكو بە پیچەوانەوە، كۆمەلگاو نەوەی نوی بەرەو ئاقاریكی خراپ پال پیوە ئەنیت.

ئەگەر هەر كەسیك هەلەیەكی كرد، ئەگەر هەر كەسیك كیشەیەكی نایەوە {ئەمە بە جیا لەوەی كە لە واقیعدا كی و چ شتیك تاوانباری سەرەكیە}، بەم شیوەیە رەفتاری لە گەلدا بكریت، ئەوا كۆمەلگاكەمان پر ئەبیت لە توند وتیژی و شەر و هەراو بەم شیوەیە هیچ كیشەیەك چارەسەر ناكریت.

لە لایەكی ترەوە ئەگەر دەزگای ئاسایش بۆ پاراستنی ئاسایشی هاولاتیانە و كارمەندەكانیشی ئەم ئەركە جیبەجی ئەكەن، ئەوا ئەم رەفتارەیان ریك پیچەوانەیە لە گەل ئەمە و بەلكو كارمەندانی ئاسایش خۆیان بوونەتە هۆی تیكدانی ئاسایشی خەلك و گیر و گرفت دروست كردن.

ئیمە لیرەدا ئەمانەویت ئەوە بلیین كە ئەوەی كە شەوی 16 \17ی 6 رووی داوە، تەنها بریتیە لە گۆشەیەكی بچوكی ئەو توند و تیژیە بەردەوامەی كە رۆژانە لە مال و لە بازار و لە قوتابخانە و شوینە گشتیەكان بەرامبەر بە منالانی ئیمە بە كار ئەهینریت وقوربانیەكانیشی بریتین لە ریزیكی دوور و دریژ و دەیان هەزار لە منالانی ئیمە و هەر ئەمەشە كە كاریگەریەكی یەكجار خراپی لە سەر ئایندەی ژیانی منالان و كۆمەلگاكەمان بە جی هیشتووە و بە جی ئەهیلیت.

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان ویرای وەستانەوەمان بەرامبەر بە بەكارهینانی هەموو جۆرە توند وتیژیەك بەرامبەر بەمنالان، لە هەمان كاتدا داواكارین كە ئەو كارمەندانەی ئاسایش و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-6-2007 19:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەموو ئەوانەی کە هەلدەستن بە تووندوتیژی نواندن بەرامبەر بە منالان، ئیجرائاتی پیویستیان لە بەرامبەر بکریت.

کۆتایی بیت بە تووندوتیژی لە دژی منالان

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان
2007-6-18

تێبینی \ وێنەکە لە سایتی هاوڵاتییەوە وەرگیراوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.